## بەرهەنگ مەترسی جەڵتەی مێشك زێد دەكات

**تویژیارانی زانکۆی Minnesota ئەمێریکایی لە ژمارەی مانگی ئاوگوستی گۆڤاری پزیشکی Thorax دا توێژینەوەیەکیان بڵاوکردۆتەوە تیایدا ئاماژە دەکەن کە ئەوان توانیویانە بگەنە ئەو ئەنجامەی کە پەیوەنییەکی بەهێز لە نێوان بەرهەنگ و جەڵتەی مێشکدا هەیە .**
**ئەوەی زێدەتر دڵخۆشکەرە ئەوەیە پەیوەندی نێوان بەرهەنگ و جەڵتەی دڵ وانییە .**
**ئەنجامی توێژینەوەکان ئاماژەی دەکەن کە بەرهەنگداران بە رێژەی 65٪ ی مەترسی تووشبوونی جەڵتەی مێشکیان لێدەکرێت وەك لەوانەی بەرهەنگدار نین .**
**ئەوەی جێی سەرنجە ئەو رێژەیەی سەرەوە بۆ ئەو کەسانەیە کە بەرهەنگدارن یان رۆژێك لە رۆژان بەرهەنگیان هەبووە .**
**ئەو کەسانەی ئێستا بەهەنگدارن ئەوا مەترسییەکەیان دەگاتە 93٪ .**
**تا ئەمرۆ توێژیاران نازانن بۆچی مەترسی تووشبوون بە جەڵتەی مێشك زێدەتر دەبێت گەر مرۆ بەرهەنگداربێت .**

**سەرنج**

**بەرهەنگ نەخۆشییەکی بۆریەکانی هەناسەدانە و لە 10 گەورەساڵاندا 4 یان تووشی دەبێت ، لەوانەیە نەخۆشییەگە خروشتدار یان ناخروشتدار بێت .**
**نیشانەی سەرەکی نەخۆشییەکە بریتییە لە پشوسواری ، شەوانەکۆکە و نەخۆش گوێی لە هەناسەدانی خۆییەتی .**

**سەرچاوە**

1- رۆژنامەی **ئافتۆن بلادێت** ی سوێدی رۆژی 10ی ئاوگوستی 2005 .